

# با خۆمان چارەنووسی خۆمان یەکلا بکەینەوە

## بانگەوازێک بۆ پشتگیریکردنی ڕاپرسی (ڕیفراندۆم)– فینلاند

ئێمە دەستەیەک لە کوردەکانی دانیشتووی فینلاند، بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەر شانمان و پشتگیریکردن لە مافی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان لە ڕاپرسییەکی (ڕیفراندۆمێکی) گشتیدا و بە نیازی دووانەکەوتن لەو کاروانەی ئەمڕۆ لە کوردستان و وڵاتانی تردا بەڕێ کەوتووە، لە ڕۆژی 13.1.2004 لە شاری هێلسینکی پایتەختی فینلاند، کۆبونەوەیەکمان ساز کرد.

بەهیوای ئەوەین، بە هاوئاهەنگی و هاوکاری لەگەڵ گشت کوردەکانی دانیشتووی فینلاند و پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردی و کوردستانییەکان، لە زووترین کاتدا کۆبوونەوەیەکی گشتی فراوان ئامادە بکەین، بە مەبەستی وتووێژ لەسەر وردەکارییەکانی ئەم ئەرک پیرۆزە و هەڵبژاردنی دەستەیەکی بەڕێوەبردن بۆ دەست بەکاربوون و ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەر شانمان، لەم قۆناغە مێژووییە ناسکەی گەلەکەماندا.

**چاوەڕوانی هاوکاری و بەدەنگەوەهاتنی هەموو لایەکین.**

**دەستەی کاتی ڕاپرسی (ڕیفراندۆم) لە فینلاند**

**هێلسینکی _ فینلاند**

**13.1.2004**

**بۆ زانیاری زیاتر و پڕکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی (ڕیفراندۆم)،**

**دەتوانن پەیوەندی بەم کەسانەوە بکەن:**

| | | |
|---|---|---|
| **هێلسینکی** | درەخشان عەلی | 0414878623 |
| | سالار سۆفی | 0405335376 |
| | عەلی محەمەد | 0505634162 |
| **لاهتی** | محەمەد حەسەن | 0407218455 |
| **تامپێرێ** | پەیمان کەریم | 0505708277 |
| | ئەنوەر ڕەشید | 0505416130 |